# بێدەنگی بشکێنین!

ناسر ئێرانپوور

وڵاتانی دنیا لە ئاست ئەم هەمووە زوڵم و زۆردارییەی حکومەتی تورکییە بێدەنگن و کەس حیسابی تەنانەت کۆسۆووۆشمان بۆ ناکا! ئوروپا بێدەنگە! ئەمریکا تەنانەت بە شانازییەوە دەڵێ کە یارمەتی ژنراڵە فاشیستەکانی تورکییە دەدا!

"حکومەتی" هەرێمیش بەنیسبەت بێدەنگ بووە! تەنیا شتێکی کە لەسەرەتا لێی دیترا دیپلۆماسێکی بێهێز بوو لە سەر ئەم بنەمایە کە: "بۆ حکومەتی تورکییە نایە چوار قوڵی (ئەمریکا، حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی تورکییە و "حکومەتی" هەرێم) ئەم گرفتە چارەسەر بکەین؟" ئیتر تەنانەت بە وشەیەکیش باسی بێدەرەتانی کوردی تورکییە نەکرا! ئەوە لە حاڵێکدایە کە تورکییە بە مافی خۆی دەزانی باسی کەرکوک و گەلی تورکەمەن بکا.



هەڵوێست و ئیعتیرازی حکومەتی بەغدا و بەتایبەتی سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتەش ئەوەندە کز و لاوازە کە لە لایەن سەرۆک کۆماری حکومەتی تورکییەوە لە هەوەڵ ڕۆژی ئەم هێرشە ناجوانمێرانە و نابەرابەرەدا بۆ تورکییە بانگێشتن دەکردرێ و ئەویش "بەخۆشییەوە" قەبوڵی دەفەرموێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بۆ "کۆنفرانسی عێراق" لە ئانکارا بانگ نەکرا.

حیزبە کوردییەکانیش لە خەوی زستانی دان و چەڵێ تا نەورۆزێ و دەستپێکردنی وەرزی حەفلە هەڵناستن! ئەم ڕێکخراوانە تەنیا کاتێک بوونیان بۆ ئێمە دەسەلمێنن کە ساڵرۆژی دامەزراندیان جێژن دەگرن و یان قەیرانیان تێدەکەوێ! دەزگای ڕاگەیاندنی کوردیش کە تەنانەت شایانی نێوەکەشی نییە؛ دەهەزار سپای دوژمن وڵاتەکەی بە قوڵایی دە تا بیستوپێنج کیلۆمێتر داگیرکردووە و بە دەیان و سەدان فانتۆم و هەڵیکۆپتێر خەستوخۆڵ بۆمبارانی کردووە، کەچی خەبەری نییە و بەنەقل لە مێدیاکانی تورکییە ئەم هەواڵە بلاو دەکاتەوە!! تەنانەت لە سەرەتا لە زمان وشیار زێبارییەوە حاشا و نکوڵی لەم هێرشە گەورەیە کرا! کاری حیزبی کوردی لە باشوور و مێدیاکانی تەنیا خەواندنی خەڵکە و بردنیان بۆ هۆڵی حەفلە و هەڵپەرکێ!

ئەدی ئێمە بۆ بێدەنگین؟!! بێدەنگی و دەستەوەستانی ئەمڕۆی ئێمە زەبری گەورەی مێژووئیمان لێدەدا. زەمان ناگەڕێتەوە دواوە و نابێ دەرفەت لە کیس خۆمان بدەین. ئەرکی هەر مرۆڤێکی کوردە داوای ڕاگرتنی ئەم شێوە شەڕە لە ڕۆڵەکانی کورد بکا (بۆ وەی کە نابێ ئیزن بدەین کە حکومەتی تورکییە شەڕی "جیبهەیی" (واتا کلاسیک) بە سەر ئێمە دابسەپێنێ). بەتایبەتی دەبێ داوای کشانەوەی بێئەملاوئەولای حکومەتی تورکییە لە خاکی باشووری کوردستان بکردرێ. ئەرکی ئیمەیە بۆ گوشار خستنە سەر تورکییە بەشداری لە حەرەکەتێکی مەزن و بەرفراوانی جەماوەریدا بکەین. لە سەر ئەم بڕوایەم کە هێزی ئێمەی کورد ئەوەندە گەورەیە کە بتوانین بێ شەڕی مان و نەمانی ئاوا شکست بە دوژمن بێنین و بە مافە ئیسانێکانمان بگەین.

دەبێ بزانین کە سەرکەوتنی حکومەتی تورکییە لەم هێرشانە سەرکەوتنی میلیتاریسم و شووینیسم و فاشیسمە بە سەر بزووتنەوەی مافخوازانە و ڕەوای کورد بە گشتی. لە هەمووومان دیارە کە مەبەستی حکومەتی تورکییە بەتایبەتی کوردستانی باشوورە و "دەستکەوتەکانی". ئەم هێرشە هەروەها وڵامی ژنراڵەکانی تورکییەیە بۆ دیپلۆماسی نێونەتەوەیی کورد (سەردانی سەرۆک وەزیری حکومەتی هەرێم بۆ کۆریای باشوور، ...) و هەڕەشەیەکە لە جێبەجێکردنی ماددەی سەدوچلی دەستووری عێراق، هەرچەند نابێ بیرکەینەوە کە بە جێبەجێکردن و نەکردنی ئەم ماددە یاسایە هەڕەشەکانی تورکییە لە سەر کورد کۆتایی پێدێ؛ ئەم هەڕەشانە دەمێنن و ئێمە دەبێ بیرێکی درێژخایەن و بنەڕەتیتریان بۆ بکەینەوە، بەتایبەتی لە ڕێگای دارشتن و پەیڕەوکردن و نهادینەکردن (institutionalize) و سەلماندنی بیروکە و ستراتیژێکی ڕوون و پتەوی نەتەوایەتی. چەکی ئێمە دەبێ پێش هەموو شتێک مشوور و وشیاری نەتەوایەتی دێموکراتیک بێ.

بەڵام لەم قۆناغەدا و لە بەرامبەر ئەم هێرشە بەرفراوانەی ئێستای تورکییەدا پێویستیمان بە بەربەرەکانێکی بە پەلە و کوتوپڕی مەدەنی ـ سیاسی و دیپلۆماسی بەهێز بە پشتبەستن بە ڕای گشتی و شەقامی کوردی و هێزی جەماوەری ناو کوردستان و کوردی تاراوگە هەیە. **دەبێ تێبکۆشین ئەم هێرشە شکست بێنێ.**

٢٤ی فێورییەی ٢٠٠٨